


# کێشەیەک ناوی «چێشتخانەی کوردستان»ـە



ماوەیەک بەر لە ئێستا زۆربەمان ئاگاداری ئەو گێرمە و کێشەیە بووین لەنێوان خاوەنی چێشتخانەی کوردستان و هێزەکانی هاوپەیمانان بە فیتی دوژمنانی گەلەکەمان. تا کار گەیشتە ئەوەی ناوی (کوردستان) لەسەر چێشتخانەکە رەش بکەنەوە و ئاڵای پیرۆزی کوردستان دابگرن و دواتر کاری دەزگاکانی راگەیاندن لە کوردستاندا ئەو یەکدەنگییە جەماوەریەی جالیەی کورد لە دەرەوە و توانرا فشار بخرێتە سەر هێزەکانی هاوپەیمانان تا لەو بڕیارەیان پاشگەز ببنەوە و قەرەبووی زیانەکانی ئەو چێشتخانەیە بکەنەوە.

دیسان لەم رۆژانەدا دەنگۆی لابردنی چێشتخانەی کوردستان بڵاوبویەوە، بۆ بەدواداچوونی ئەو هەواڵە و گەڕان بەدوای ئەو هۆکارانەی کە بونەتە مایەی ئەوەی خەڵێکی شۆڤینی و داخ لە دڵ بەرامبەر بە کورد چاویان بەرایی نادات ناوو و نەخشە و ئاڵا و وێنەی سەرکردەکانی کورد ببینن بۆیە کەوتونەتە کارکردن بۆ لابردنی ئەو چێشتخانەیە لە گەشتێکی مەیدانیدا بۆ بەدواداچوونی هۆکار و دەرەنجامەکانی ئەو بڕیارەی کە دراوە. لە گوندی (گەڵۆزی و ناحیەی پردێ) ئەم راپۆرتەمان ئامادەکرد.

راپۆرتی
نامق هەورامی- شوان سەرابی

**مام هاوار ساڵەیی**

مام هاوار خاوەنی چێشتخانەی کوردستانە، ئەو لە شۆڕشی ئەیلولدا پێشمەرگە بووە و لە نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ئاوارەی ئێران بووە وپاشان رووی کردووەتە هەندەران و لە وڵاتی سوید نیشتەجێ بووە.

مام هاوار سیمایەکی کوردانەی جوانی هەیە، پیاوێکی خڕەڵەی باڵا مام ناوەندی، تەمەنی لە سەرووی شەست ساڵییەوەیە، ئەو هەرچەند لە ئەوروپا ژیاوە، بەڵام جلوبەرگ و سیمایەکی کوردەواری هەیە.

مام هاوار خەڵکی گوندی (گەڵۆزی)یە کە دەکەوێتە سەر جادەی گشتی کەرکوک- هەولێر لە نزیک ناحیەی پردێ.



**هاوار مەولود ساڵەیی/ خاوەنی چێشتخانەی کوردستان**

لە بارەی بیرەوەی خۆی لەو گوندەدا مام هاوار گوتی: **(کاتی خۆی بەعسییەکان گوندەکەمانییان تەعریب کرد و خەڵکی ئەم گوندەیان راگواست، من منداڵ بووم باوکم وەسیەتی بۆ کردم کە سنوری کوردستان تا چیای حەمرین (جبل حمرين)ە و لەوێ گۆڕی (محەمەد ساڵەیی) لێیە کە پیاوێکی هۆزی ساڵەیی بووە و بەر لە مردنی وەسیەتی کردووە لە سەر سنوری کوردستان بنێژرێت و لەوێ نێژراوە، ئەگەر کوردستان ئازادبوو ئاڵای کوردستان لە راسەری گۆڕی ئەو پیاوە بچەقێنە و منیش هەر پاش ئازادبوونی ناوچەکە ئاڵای کوردستانم بردە حەمرین و لە راسەری گۆڕەکەی (محەمەد ساڵەیی)م چەقاند و ئاواتەکەی باوکم هێنایە دی.**

## مام هاوار و ئاڵای کوردستان

مرۆڤەکان هەریەکە و خودان ئارەزووی تایبەتی خۆیانن ئیدی هەر کەس و بەجۆرێک، مام هاوار زۆر بە ئاڵای کوردستان هۆگر و ئالودەیە، هەر بۆیەش ژیانی پڕ لە خۆشی ئەوروپای بەجێهێشت و گەڕایەوە کوردستان تا بە کامی دڵ لەژێر ئاڵای کوردستاندا ژیان بەسەرببات.

مام هاوار لەم بارەیەوە دەڵێت: **(بەبیرم دێت لە کۆماری مەهاباد دا لە دواساتەکانی تەمەنی کۆماردا پێشەوا ئاڵاکەی کوردستانی بە ئەمانەت دایە دەست بارزانی نەمر، چونکە دڵنیابوو لەوەی ئەوە تاکە سەرکردەیە بتوانێت ئەو ئاڵایە بپارێزێت، ئەو رووداوە لە نەستی مندا مایەوە، کاتێک تەمەنم لە هەڵکشان بەرەو سەرەوە دەڕۆیشت ئاڵایەکی گەورەی کوردستانم دروست کرد و دامە دەست منداڵەکانم بۆ ئەوەی کە مردم لەجیاتی کفن لەو ئاڵایەم بپێچن و بۆ کوردستانم بهێننەوە،**

**کە ناوچەکەش رزگاربوو گوندەکەمانمان لە عەرەبە هاوردەکان پاک کردەوە و لە جێگەی ئەم چێشتخانەیەدا کەپرێکم کرد و ئاڵای کوردستانم هەڵدا).**

ئێستا لە پاش ئەو ئاڵایەی کە مام هاوار هەڵیدا، دیاردەی ئاڵا هەڵکردن بووەتە شتێکی باو لە گشت دوکان وماڵەکانی سەر رێگای کەرکوک-هەولێر.

ئەمەش دڵی زۆر کەسی خۆش کردووە و بۆن و بەرامەیەکی کوردانەی جوانی بەخشیوەتەوە بەو ناوچە ئازادکراوانە، هەرچەندە بۆ خودی خاوەنی چێشتخانەکە زۆرجاران گرفتی دروست کردووە.

## چێشتخانەی کوردستان سوتا!!

لێرەوە سەرەداوی پیلانی دوژمنان بە دەرکەوت کاتێک لە یەکەم رۆژی جەژنی قورباندا کاتێک مام هاوار کارمەندانی چێشتخانەکەی مۆڵەت دەدات بەبۆنەی جەژنەوە لەو کاتەدا دوژمنانی ئاڵای کوردستان ئاگر لە چێشتخانەکە بەردەدەن و تەنیا دیوارەکانی دەمێنێتەوە، لەم بارەیەوە مام هاوار دەڵێت : **(من زوو هەستم کردبوو پیلانێک لە دژی ئاڵاکەی کوردستان هەیە، بەڵام بڕوام نەدەکرد لەو رۆژەدا ئەو کارە ئەنجام بدرێت).**

بەڵام دوژمنان هەرچەندە کارەکەیان ئەنجامدا، بەڵام لە رووی مەعنەوییەوە نەیان توانی ئەو پرۆژەیە بوەستێنن بۆیە ئەمجارە لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان نەخشەی تریان بۆ سڕینەوەی ئاسەواری ئەو ناوە نایەوە.

## پیلانێکی گەورەتر

پاش ئەوەی دوژمنانی کورد ئامانجەکەیان نەهاتەدی بە سوتاندنی چێشتخانەکە ئەمجارە پەنایان بۆ هێزەکانی ئەمەریکا برد بە بیانوی ئەوەی کوردەکان دەیانەوێت عێراق دابەش بکەن و دەوڵەتی کوردی دروست بکەن و هێزەکانی ئەمەریکاش باوەڕیان بەو قسەیە هێنابوو بۆیە ئەمە بووە سەرەتای دەستپێکردنی پیلانێکی نوێ.

لەمبارەیەوە مام هاوار گوتی : **(هێزەکانی ئەمەریکا بە فیتی نۆکەرانی دەرەوە و کۆنە بەعسی و شۆڤێنییەکان بە چوار تانک و کۆمەڵێک سەربازەوە دەوری ئێمەیان گرت و داوایان کرد کە خۆمان ئاڵاکە داگرین و ناوی کوردستان رەش بکەینەوە، بەڵام پێم گوتن من زیاتر لە ٢٠ ساڵە ئەم ئاڵایەم لە کۆڵ ناوە بۆیە ئامادەم بمکوژن بەڵام ئەو کارە ناکەم).**



دیارە ئەمە دەرەنجامی گفتوگۆیەکی توندوتیژی نێوان (مستەر فیشەر) و مام هاوار بووە، مام هاوار دەڵێت: **(دوو سەربازی ئەمەریکی چونە سەرەوە بۆ داگرتنی ئاڵاکە، بەڵام کە زانییان ئێمە ئەوە قبوڵ ناکەین، بۆیە (مستەر فیشەر) گوتی: کاتژمێر ١٢ی شەو دێمەوە ئەگەر ئاڵاکە دانەگیرابێت و ناوەکە نەسڕابێتەوە قۆڵ بەستت دەکەین، منیش لە وەڵامدا پێم گوتن: ئێوە لە فەلووجە گوللەباران دەکرێن و لێرەش گوڵ باران بۆیە داواکارم مەبنە هۆی زویربوونی گەلی کورد).**

(مستەر فیشەر) بەم قسەیە زۆر تەنگاو بووبوو بۆیە دوامۆڵەتی دانابوو، دیارە کورد بەوە ناسراوە سەر سەخت و خاوەن قسەی خۆیەتی، بۆیە ئەم گەفانە کاریان لە ورەی ستافی چێشتخانەکە نەکرد و درێژەیان بەکاری ئاسایی خۆیان دا.

ئێوارە کاتێک خاوەنی چێشتخانەکە و کرێکارەکان دەچنەوە ماڵەوە تەنیا پاسەوانێک لە چێشتخانەکە دەمێنێتەوە شەو کاتژمێر ١٢ی شەو هەمان هێز بە پێنج تانک و ئۆتۆمبێلێکی بەندیخانە دێنەوە سەر جێگاکە و ئاڵاکە

دادەگرن و ناوی کوردستان رەش دەکەنەوە.

## یەک هەڵوێستی کورد لە بارەی ئاڵای کوردستانەوە

دیارە ئەو کردارە پەرچەکرداری لای جالیەی کورد لە دەرەوە و دەزگاکانی راگەیاندن لە ناوەوە دروست کرد و چەندین وتار لەو بارەیەوە نوسران، مام هاوار لەم بارەیەوە گوتی : **(بەو پێیەی من ٢٠ ساڵ لە دەرەوە ژیاوم، پاش رووداوەکە تەلەفۆنم بۆ زۆرێک لە دۆست و برادەرانی خۆم کرد و ئەوانیش هەڵوێستی خۆیان نواند و لێرەش راگەیاندنەکان درێغیان نەکرد، ئەوەم لەبیر نەچێت کە جالیەی کوردی نووسینگەی تایبەتی جورج بوشیان لەو کردارە ئاگادار کرد و داوای گەڕانەوەی ئاڵاکەیان کرد بۆ جێگای خۆی، هەروەها بەڕێز سەرۆک بارزانی و مام جەلال لەوە ئاگاداربوون و هەڵوێستی جوانییان نواند، ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بەتایبەتی (جەنابی پارێزگار و کاک حەسیب رۆژبەیانی و محەمەد کەمال و هەروەها بەڕێز بەرپرسی لقی ٣ کاک نەجات حەسەن و دەزگاکانی راگەیاندنی کوردستان پشتگیرییان کردین).**

ئەوەبوو پاش کێشە و گێرەیەکی زۆر و دوای مانگ و نیوێک خۆیان ناچاربوون تەنازول بکەن.


Ministry Of Reconstruction
& Housing
S.C.R.B
No.:
Date:

مام هاوار لە گێڕانەوەی چیرۆکی ئاڵاکەدا گوتی:- **رۆژێک کاتژمێر ٢ی نیوەڕۆ (مستەر فیشەر) هاتە لام و گوتی ئیشم پێتە منیش لەتەکیدا کەوتمە ئاخاوتن، ئەو دەیویست هەڵوێستی من بزانێت گوتی:- وەرە تەنیا ناوەکە و ئاڵاکە دامەنێرەوە ئێمە ئەم چێشتخانەیەت لەسەر شێوازێکی مۆدێرن بۆ دروست دکەینەوە و هەزارەها دۆلاری بۆ خەرج دەکەین و جگە لەو ناو و ئاڵایە خۆت سەرپشک بە چ ناوێکی بۆ دادەنێیت.**

لە وەڵامدا گوتم: **ئەوە ناوی نیشتمانی ٤٥ ملیۆن کوردە و ئاڵاکەش ئاڵای نیشتمانێکی پێنج پارچەکراوە، کابرا هەڵوەستەیەکی کرد و پرسیاری پارچەی پێنجەمی کرد منیش گوتم: کوردستانی سۆڤیەت پارچەی پێنجەمە کە بڕیار بوو لە بیستەکاندا بکرێتە کۆمار بەناوی (کۆماری کوردستانی سور).**

لە بەرامبەر ئەم داواکاریەدا مام هاوار رازی نابێت و دەڵێت ئامادەم ئێرە چێشتخانە نەبێت، بەڵام ئاڵا و ناوەکەی هەبێت لە سایەیدا دابنیشم.

لە بەرامبەر ئەم هەڵوێستەدا (مستەر فیشەر) گوتبووی ئامادەیین ئاڵاو ناوەکەتان بۆ دروست بکەینەوە و چیتان زەرەر کردووە بۆتان دەگێڕینەوە.

## سەرکەوتنی ئیرادەی خێر

پاش ئەوەی هێزەکانی ئەمەریکا چوونە ژێرباری بژاردنی زیانەکان و گێڕانەوەی ئاڵاکە و ناوی کوردستان، مام هاوار دەڵێت **(لە مەراسیمێکی شایستەدا پاش ئەوەی زیانەکانیان بۆ بژاردین بە ئامادەبوونی نوێنەری پارت و لایەنەکان و پارێزگاری کەرکوک و ئەنجومەنی پارێزگا و جەماوەرێکی زۆر ئاڵای کوردستانمان بەدەستی (مستەر فیشەر) لەسەر چێشتخانەکە هەڵکردەوە و بە وتنەوەی سرودی ئەی رەقیب،** بەمەش ئیرادەی خێر و روناکی سەرکەوت بەسەر تاریکی پەرستان و دوژمنانی گەلەکەماندا و ئەو هێزەی هاتن بۆ داگرتنی ئاڵاکە لە مەراسیمی هەڵکردنەوەیدا بە دەوری ئاڵاکەدا سەمایان دەکرد.


سەردانی سەرۆک بارزانی بۆ چێشتخانەی کوردستان

## سەردانی سەرۆک بارزانی بۆ چێشتخانەی کوردستان

لە کاتی کۆتایی هاتنی خولی سەرۆکایەتی سەرۆک بارزانی لە ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی عێراق و گەڕانەوەی بۆ کوردستان سەردانی چێشتخانەی کوردستانی کرد، ئەم سەردانە مانا و دەلالەتی زۆری هەیە و دەکرێت چەندین خوێندنەوەی جۆراوجۆری ئەرێنی بۆ بکرێت، چونکە پێشتر وەک مام هاوار باسی کرد سەرۆک بارزانی دەستخۆشی لێکردبوون و پەیمانی دابوو سەردانییان بکات ئەوەبوو سەرۆک سەردانی کردن و دەستخۆشی ئەو هەنگاوەی لێکردبوون و پاڵپشتی خۆشی بۆ داخوازییەکانیان نیشان دابوو، مام هاوار لەم بارەیەوە دەڵێت **(گەورەترین پاڵپشت و هاندەری بەردەوامیمان جەنابی سەرۆکە و گەورەترین شانازیش بۆ ئێمە وێنەکەی بەڕێزیانە کە لەگەڵ کارمەندانی چێشتخانەکەدا گرتوویەتی و بەڕێزەوە لێرە داماننناوە).**

## پیلانێکی تر

بە درێژایی رێگەی کەرکوک- هەولێر چێشتخانە و گازینۆ و بانزیخانە و کەپروسابات بۆ حەوانەوەی رێبواران دروست کراوە کە زۆربەیان ناشارستانین و زۆرتر لە جادەی گشتییەوە نزیکن بەڵام تا ئێستا بەهیچ جۆرێک کەس ئاگاداری نەکردوون لەوەی کە جێگاکەیان ناشیاوو زەوی میرییە.

پاش نزیکەی شەش مانگ بەسەر ئەو پیلانانەی پێشوودا جارێکی تر بە نووسراوی فەرمی بەڕێوەبەرایەتی رێگاوبانەکانی کەرکوک بە نوسراوی ١٠٢٩ لە ٢٠٠٤/٧/١١ و نوسراوی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن- دەستەی گشتی رێگاوبانەکان ژمارە ٨٧٧٣ لە ٢٠٠٤/٧/٢٥ و بەپشت بەستن بە هەمان نووسراوی سەرەوە دەستەی گشتی رێگاوبانی کەرکوک بە نووسراوی ژمارە ١٢٢٤ لە ٢٠٠٤/٨/٧ بۆ بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی پردێ داوایان کردووە کە چێشتخانەی ناوبراو لابیرێت و بنکەی پۆلسی پردێ لە ٢٠٠٤/٨/٢ ئاگاداری (هاوار مەولود) واتە (مام هاوار)یان کردووە بۆ هەمان مەبەست.

بەڵام سەیر لەوەدایە هیچکام لە دوکان و جێگاکانی تری هاوشێوەی چێشتخانەی کوردستان ئاگادار نەکراونەتەوە لەلادانی زیادەڕۆیی!!


بەڕێوەبەری ناحیەی پردێ

## یەکەی ئیداری و لایەنەکان و خەڵکی چی دەڵێن؟

بۆ ئەوەی لە مەغزای ئەو بڕیارە بکۆڵینەوە لە شارۆچکەی پردێ بەو پێیەی پێگەی ئیداری ناوچەکەی، سەرەتا سەردانی بەڕێز عەبدولمتەلیب نەجمەدین بەڕێوەبەری ناحیەی پردێمان کرد و بەڕێزیان لەم بارەیەوە گوتی:- **سەبارەت بە چێشتخانەی کوردستان کە شوێنێکە ئێمە شانازی پێوە دەکەین چونکە ئاڵای کوردستان و ناوی کوردستان و وێنەی ڕێبەرە نەمرەکانی کوردی لەسەرە، چەند نووسراوێکمان لە بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبانی کەرکوکەوە بۆ هاتووە سەبارەت بە لادانی، بەڵام ئێمە هیچ ئیجرائاتێکمان نەکردووە.** بەڵام کاتێک لێمان پرسی سەبارەت بەوزیادەڕەویانەی لە شێوەی چێشتخانەی کوردستانن بەڕێزیان گوتی:- **تەنیا نوسراوەکان سەبارەت بە چێشتخانەی کوردستانن و ئێمەش ڕازی نابین بەهیچ شێوەیەک ئەو چێشتخانەیە لابرێت کە ئاڵای کوردستانی لەسەرە، چونکە خەبات لەپێناو ئەو ئاڵایەدا زۆر کراوە و بەهەزاران شەهیدی بۆ دراوە بۆیە ئێمە پارێزگاری لێدەکەین.**


عەبدولعەزیز ئەحمەد عەزیز


قەرەنی عەزیز

هەر لە ناحیەی پردێ چاومان کەوت بە بەڕێز عەبدولعەزیز ئەحمەد عەزیز ئەندامی ئەنجومەنی کەرکوک گوتی: **(لەو چێشتخانەیەدا دوخاڵ ڕەچاو نەکراوە یەکێکیان موڵکییەتە ئەوی تریان مەسەلەی دووری لە شەقامی گشتییەوە ئەگەر ئەو دوو خاڵە ڕەچاو بکات ئەوا هەموومان پارێزگاری لێدەکەین.**

بەڵام کاتێک بەو بەڕێزەمان گوت خەڵکیدی وەک مام هاوار زیادەڕۆییان کردووە و کەس لە گوڵێک کاڵتری پێ نەگوتون لە کاتێکدا مام هاوار وەک خۆی دەڵێت خوا بکات جادەکە بکەنە دوو ساید ئەوا من مەمنون دەبم و بیناکە دەڕوخێنم.

بەڕێزیان گوتی: **لە ڕووی یاساییەوە بەو شێوەیە!!!**

دواتر : **بەڕێز قەرەنی عەزیز بەرپرسی کۆمیتەی پردێی یەکێتی نیشتمانی کوردستان گوتی:** (ئێمە بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ تێکدان نین، بەڵام ئەگەر بێتو بکەوێتە بەر جادە هیچ دەسەڵاتێک نییە، ئەو کاتە ئێمە داوا لە بەرپرسان دەکەین لە جێگایەک زەوی بۆ دیاری بکرێت.



کاکو خالید

بۆ هەمان مەبەست سەردانی بەڕێز **(نەسرەدین مستەفا)** بەرپرسی ناوچەی پردێی پارتی دیموکراتی کوردستانمان کرد و لەم بارەیەوە بەڕێزیان گوتی: **(سەبارەت بە دەنگۆی ڕووخاندنی چێشتخانەی کوردستان ئێمە بەهیچ شێوەیەک ڕازی نابین چونکە ئەوە پیلانی دوژمنانی کوردە و نەک ئێمە جەماوەری ئەم ناوچەیەش بەخۆپیشاندانی گەورە بەرپەرچی دەدەینەوە کە دەڵێم ئێمە واتە پارتی دیموکراتی کوردستان هەمیشە دەنگی لەگەڵ دەنگی جەماوەرە، ئەو جادەیەی لە کەرکوکەوە دێت بەلای ڕاستدا واتە بەلای چێشتخانەکەدا خوار بووەتەوە با سایدی دووەم بە دەستە چەپدا دروست بکرێت و هیچ کێشەیەکی نییە.**

بە پێچەوانەوە ئەوە بەدەست دەزانین و هیچ جۆرە دەستێوەردانێکیش قبوڵ ناکەین.

سەبارەت بە کێشەی موڵکایەتی و خاوەن موڵکی ئەو زەویە بەڕێز کاکۆ خالید کە یەکێکە لە ڕیش سپیانی ناوچەکە و خۆشی فەرمانبەری ڕێگاوبان بووە لەم بارەیەوە گوتی: **(لە سەردەمی جاران و ئێستا لەلا ڕێگاندا ٢٥ مەتر زەوی هەبوو بەناوی (محرمە الطریق) و کەس خاوەنی نییە و مام هاواریش لەسەر ئەو زەویە دروستی کردووە کەواتە ئەگەر پێشتر هەر کەس خاوەنی ئەو زەویانە بووبێت کە جادەی سەرەکی دروست کرا ٢٥ مەتر لەو دوورییەوە کەس مافی نییە خۆی بە خاوەنی بزانێت چونکە منیش خاوەن موڵکم لە نزیک جادەی سەرەکییەوە و ئێستا لەو دوورییەدا واتە ٢٥ مەتر دوری جادە من خاوەنی نیم بەپێی یاسای ڕێگاوبان.**


نەسرەدین مستەفا

بۆ وەرگرتنی زیاتری بۆچوونی لایەنەکان سەردانی بارەگای بەرەی تورکمانیمان کرد و پاش ئەوەی زیاتر لە کاتژمێرێک چاوەڕێی کەسێک بووین تەنیا سێ پاسەوان لە بارەگاکەدا بوون و دواتر چووینە ماڵی بەرپرسەکەیان لە ماڵەوەش نەبوو دواجار کەسێکیان ڕووبەڕوو کردینەوە کە ئەویش بەڕێز ئەرجومەند نامق ئیبراهیم بەرپرسی پەروەردە و ڕۆشنبیری بەرەی تورکمانی لە پردێ لەو بارەیەوە گوتی: **(دیارە حەساسیەیەک هەیە لەو بارەیەوە دەنا بۆچی تەنیا ئەو چێشتخانەیە ئاگادارکراوە لابرێت و ئەوەی تەنیشتی هیچی پێنەگوتراوە)**

کاتێک لێمان پرسی بەڕێزتان چۆن دەڕواننە ئەو کێشەیە، گوتی:**( ئێمە لەگەڵ حەقین، ئەگەر شتەکە ڕەسمییە ئەوا ئێمە لەگەڵ لایەنی پەیوەندارین.**


ئەرجومەند نامق ئیبراهیم

### جارێکی تر یەکدەنگی

مام هاوار داوای کرد لە ڕێگەی گۆڤاری گوڵانەوە دواپەیامی بە جەماوەری کوردستان لە ناوە و دەرەوە ڕابگەیەنین کە هاودەنگی لەگەڵ ناوی کوردستان و ئاڵای کوردستان بکەن دوا وتەی گوتی (سوپاسی سەرۆک بارزانی دەکەم کە ئەمجارەش پشتگیری کردین و بەرپرسان سەرداڼمان دەکەن ئەمەش مایەی دڵخۆشی هەموو لایەکمانە). ■